# خوش باوەڕیو خوش خزمەتی ناسیۆنالیزمو چارەنوسی خەڵکی کوردستان !

ئازاد ئەحمەد

دوا جار یەکیتیو پارتی و روشنبیرو ناسیولیستانی کوردستان لە خەوی قولی خوش باوەرییان بە خەبەر هاتن و دانیان نا بەوەدا کە ئەمەریکا نەك هەر هیچ حیسابیکیان بو ناکات بەلکو بە قەولی خویان هەموو خەباتی 20-30 سالەی رابردوویان نەیکردە تەقاندنی جوار فیشەکی ئیسلامیەکان و ئەمجارەش لە کایە سیاسیەکەدا زەرەرمەند هاتنە دەرەوە و لە دەولەتی تازەی عیراقدا هیچ پوستیکی گرنگیان پی نەدرا.

سالیك و جەند مانگ لەمەو بەر لە سەرەتای شەری نیوان ئەمەریکا و عیراقدا, یەکیتیو پارتی وەك پیشەی هەمیشەییان دیسانەوە لە جیاتی چوونە بال بەرەی خەلکی مەدەنی و دژی شەری دنیاو چونە پال بەرەی شەرخوازی ئەمەریکاو هەموو ئاوات و هیوا ی خویان بەستەوە بەوەی کە لەم ریگایەوە دەستیان بگا بە شتیك و بەشکم ئەمە خوایە ئەمەریکا وەك بەکرێگیراویکی خوی قبولیان بکاو لە ناو خەلك و لە ریگای کەنالە تایبەتیەکانی خوشیانەوە پروپاگەندەیان بو ئەوە دەکرد کە ئەمریکا کوردستان دەکاتە ئیسرائیلی دووەم و بەم شیوەیە ئیتر رزکارمان دەبیو کوتایی دیت بە هەموو نەهامەتیەکانی رابردوومان-سەیری راددەی خوش خەیالی و جوری بیر کردنەوەی ئەم بەریزانە بکەن.

ئەگەر کەسیك هەروا بە سەرپێی چاویك بخشینی بە میژووی 50 سالی رابردووی ئەمریکا و کارو کردەوەکانیدا ئەوا بوی مەعلوم دەبی کە تەنانەت بە قەد نوکە دەرزیەکیش ئەمەلی ئەوە نیە کە دل خوش بکەی بە ئەمەریکا نەك ئاوات و ئامانجی پیوە ببەستیەوە. هەر خودی یەکیتی وپارتی ئەگەر چاوێ بخشیننەوە بە میژووی رابردوویاندا و هەلویستەکانی ئەمەریکای زل هیزی هاوپەیمانیان بە بیر خویان بهیننەوە ئەوا دەبوایە سوودیك لەو تەجروبە تالانەی خویان وەرگرن و ئاوا خویان و ئەو کارتانەی لە بەر دەستیانە بە هەرزانی نەیخەنە بەر دەستی ئەمەریکا و لەو سەریش بی مایە نەیەنە دەرەوە.

ئاخر هەر دوینی بوو کە ئەمریکا لە ریگای دەولەتانی بە کریگیراوی خویەوە پیلانی جەزائیری دارشت و پارتی بە 120 هەزار چەکدارەوە لە چاو تروکانیکدا ناردەوە مالەوە, لە 31ی ئابی 1996 یەکیتی نیشتمانی تا ئاخر سات چاوەریی تەیارەکانی ئەمەریکا بوو کە بە فریای بین و بەرپەرچی هیزەکانی گاردی کوماری صدام بدەنەوە بەلام لە کێلێ و سەیران بەن خویان دۆزیەوە.

ئینسان دەتوانی دەیان نمونەی ئاوا لە میژووی ئەوان دەرکیشی کە هەر هەموویان لەم بابەتەن.

له راستیدا میژووی یەکیتی و پارتی بریتیە له میژووی خوش خزمەتی بو دەولەتانی مەنتەقە وگەورەی دنیا, هەموو جاریکیش له پاداشتی خوش خزمەتیەکەیان بە مشتی پارە رازیان کردوون, ئەم جارەش لەوە بەدەر نەبوو, مشتی پارە و چاو سوور کردنەوەیەك بەس بوو بۆ ئەوەی کە لەو هەرەشەیەیان (لە راستیدا نازکردن بوو بە سەر برا گەورەی گەورەیاندا) پاشگەز ببنەوە و بە بی ئەوەی کە هیچ حسابیك بو خواست و ئاواتی خەلك بکەن, خەلکی کوردستانیان گیرایەوە بو ژیر دەسەلاتی قەومیە شوفینیەکان و ئیسلامیە کونەپەرستەکان و بو ژیر پوستالەکانی سوپای ئەمەریکا.

وە ئەم جارەش وەك هەموو جارەکانی تر بە بی لە بەر چاو گرتن و بە بی هیچ جورە حسابی بو رای خەلکی کوردستان له سەرەوە و بی ئاگاداری خەلك بریاریان له سەر چارەنوسی خەلك دایەوە وبەم شیوەیە خەلکیان راکیشایەوە بو ژیر بریار و یاسا دژی ئینسانی و دوا کەوتوەکان و له دەزگاکانی راگەیاندنیشیانەوە کەوتنە پروپاگەندەی ئەوەی کە وەزعەکە حەساسە و ئەمەریکا لەوە زیاترمان ناداتی و ناچارین کە قبولی بکەین و مەبەستمان مەنصەب نیە و گرنگ ئەوەیە کە حەقی خەلك نەفەوتی و .........هتد.

له هەفتەنامەی هاوولاتی رۆژی 30-6-2004 دا توانا عوسمان له گۆشەی هەناسەدا بای بای له پول بریمەر دەکات و له کوتایی نوسینەکەیدا دەلی له راستیدا ئەگەر پیش سالیك له مەو بەر پر بەدل بە خیر هاتنی بریمەرمان کردبیت، ئەوا له ئیستاشدا نەك هەر دلوپیك فرمیسك بۆ لەبەرۆك بوونەوەی ناریژین بگرە دلشادیشین بە گەرانەوەی.

بە راستی کاك توانا له سایەی بزووتنەوەی کوردایەتی و یەکیتی وپارتی و فەرهەنگی له دواوەی ئەواندا خەلکی کوردستان بەشیان هەر ئەمە بوەو دەبی, کەم نین ئەو موسیبەت و کویرەوەریانەی کە لە میژووی دەسەلات و لە میژووی شاخیاندا بە سەر سەری خەلکیان هیناون, چەند سال لەگەل یەکتر شەریان کرد وخوینی هەزاران کەسیان رشت و مالی هەزارانیان ویران و ئاوارە کرد کەچی لە ئوتیلیکی زۆر راقیدا تالەبانی وبارزانی رایان گەیاند کە ئەوان بی تاوانن و ئەوە خەتای خەلك بوە کە چەند سالە لەگەل یەکتر شەر دەکەن وگوللە بە یەکترەوە دەنین و ......!!!!!!

ئەوە ئیوەی خوش باوەر بوون کە لە یەك سالی رابردوودا ئەمەریکاتان بە فریاد رەس بە خەلك ناساندو جارێتان بۆ ئەوە دا کەگوایە لەو سەری دنیاوە بە پارەی خوی و بە چەکی خوی و بە سەربازە گیان لە سەر دەستەکانی خوی هاتووە و صدامی لە کول کردووینەتەوەو نەجاتی داوین, بەلام ئیستا بوتان مەعلوم بوو کە ئەمەریکا ئەو فریادرەسە نیە ونابی.

کاك توانا ئەو صدامەی کە ئیستا ئەمەریکا گرتویەتی و لە سجنی کردووە لە 17-30 تەمووزی 1968 هەر خوی پشتیوانی بە هیزی بوو بۆ هاتنە سەر کاری و لە میژووی شەرەنگیزی دوور و دریژیداو لە ئەنفال وکیمیا باران و قەتل و عامەکانیدا ئەوە هەر خوودی ئەم ئەمریکا فریاد رەسە بوو کە نەك هەر پشتیوانی لی دەکرد بەلکوو بە پارە و بە چەکی ئەمریکا هەموو ئەم کارانەی دەکرد, من دەمەوی بلیم کە جاری هیشتا پەردەی یەکەمی سیناریو رەشەکەی ئەمریکا تەواو نەبوە, دواتر و لە پەردەکانی تردا ئەگەر هەروا لە سەر خوش باوەریتان بەردەوام بن, دەبی چاوەریی خراپتریش بن.

کاك ئاسۆس هەردیش لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونی کەنالی کوردسات دا هەموو گلەییەکەی لە یەکیتی وپارتی بوو کە دەیگوت بە ئیعترافی یەکیتیو پارتی ئەم وەزعە هەر لە سەرەتای هاتنی ئەمەریکا بو عیراق هەر وابوە و هیچ ئیهتمامیان بە کورد نەداوە بەلام یەکیتی و پارتی هیچ مەعلوماتیکیان بلاو نەکردۆتەوە, ئیتر ئیمە چوزانین کە وەزعەکە ئاوایە.

کاك ئاسۆس ئاخر هەندی شت هەیە کە پیویستی بە خەبەری ناو کوبوونەوەکان و پشتی پەردەکان نیە, هەر لە دوورەوە مەعلومە, ئەمەریکا هەر ئەو ئەمەریکا داگیر کەر و ئیمپریالیستیەی دوێنێیە کە تاکە دەولەتە لە دنیا دا چەکی ئەتومی بە کار هیناوە و پشتیوانی بە هیزی گەلێك لە دیکتاتورە خوین ریژەکانی دنیا بووە, ئەمە تەحلیل و تەفسیری بۆ چیە کاك ئاسۆس! تا لیپرسراوانی یەکیتی و پارتی بین پیتان رابگەیەنن و ئاگادارتان بکەنەوە لەم وەزعە.

بەداخەوە ئیوەش بەشێك بوون لەو ئیعلامەی کە خەڵکی لەبەرامبەر ئەمەریکادا خۆشخەیاڵ کرد.

سال و نیوی لەمەوبەر کاتی کە ملیونەها کەس لە خەلکی دنیا لە دژی شەر خوازی ئەمریکا هاتنە سەر جاددەکان و شیعاری نا بۆ شەر و بژی ئازادی یان هەلگرتبوو, ئیوە نارەحەت بوون ...

دەبێ جەماوەری خەڵکی کوردستان بزانن کە بەرەی ئازادی خوازی و مەدەنیەت لە دنیادا جیایە لەم بەرەی شەر و چاوچنوکیەی کە ئەمریکا بە ریی خستوە, بەرەیەکە دژ بەو, وە ریك پیچەوانەی ئەو. چارەنوسی خەلکی کوردستان بەستراوەتەوە بەم بەرەیەوە, چیتر خو بەستنەوە بە ئەمریکاوە بیجگە لە خوش باوەری و لە دووبارە بوونەوەی 35 سالی تری رەش هیچ شتیکی تر نیە.

چارەنوسی خەلکی کوردستان جیایە لەو چارەنوسەی کە یەکیتی و پارتی بە هاوکاری ئەمریکاو حکومەتە خاوەن سیادەکەی بەکریگیراوی ئەمەریکا بویان داناوە.

جیا بوونەوەی کوردستان ودامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە ریگای ریفراندۆمیکەوە تاکە ریگایە لە ئیستادا کە زامنی رزگار بوونی خەلك و دوور کەوتنەوە یە لەو سیناریو رەشەی کە لە عیراقدا بەریوەیە.